مانیفێستۆیەك بۆ منالە ئازارچەشتووەکانی وڵاتم؛

# پەرلەمان و حکومەتی خۆتان رابگەیەنن!!

حەسەن جودی
hesen_cudi@yahoo.com



**منالە بێنازەکانی وڵاتم؛**

من نازانم بۆچی 6/1ی هەموو ساڵێك بەرۆژی جەژنی منالانی جیهان دانراوەو کێ دایناوە، پێم وایە ئێوەی بەستەزمانیش نایزانن. بەڵام من باش دەزانم کەس لەخەمی ئێوەدا نییەو کەس جەژنی ئێوەی لەیاد نییە؛ نەدایك و باوکە سەرقاڵەکانی ئێوە، نە مامۆستا شوانئاساکان، نەدەسەڵاتە ملهوڕەکەی ئەم وڵاتە خێر لەخۆ نەدیوە، نە رێکخراوە مەدەنییە چەنەبازەکانیش کەس ئێوەیان لەیاد نییە... تەنانەت نە لە ئاسماندا چاوێك هەیە لێتان بڕوانێت، نە لەسەر زەویشدا ئامێزێکی بەسۆز هەیە لەباوەشتان بگرێت. کەس ئێوەی لەیاد نییەو کەسیش ئێوەی پڕ لەحەسرەت و خۆشەویستی و ئێوەی پڕ لە گەمە بێهودەکان نابینێ.

**کۆرپە خەمگینەکانی وڵات؛** واز لەجەژنی منالان و جەژنە بێتامەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بهێنن. ئەم وڵاتە وڵاتی جەژن نییە وڵاتی کوشتنی جەژنەکانە... بۆیە چاوەڕێی هیچ جەژنێك و هیچ جەژنانەیەك لەهیچ کەسێك مەکەن.. ئەگەر جەژنانەتان دەوێ ئەوە شەق و زللەی باوك و ئەوە دارو سۆندەو قامچی مامۆستا، ئەوە چەنەبازێتی رێکخراوە مەدەنییەکان، ئەوەش درۆ زلەکانی دەسەڵات...

بۆیە بۆخۆتان خەریکی یاری خۆتان بن و لەهیچ کەسێك چاوەڕێی هیچ شتێك مەکەن. بەهەرچییەك گەمەدەکەن بیکەن بەڵام بەتۆنترەقەو کلاشینکۆف و دەمانچە پلاستیکییەکان و ئەتارییە شەڕانگێزییەکان یاری مەکەن... قەیناکە منالینە قەیناکە!! هەرچۆنێك بێت یاری بەخاك و خۆڵ و قوڕو لیتەی ئەم نیشتمانە هەتکراوەی ژێر چەپۆکی پیاوە سمێڵ فش و رووخسارە لووس و سیما سوورو سپییەکانی دەسەڵات بکەن. بەڵام نەکەن رۆژێك یان ساتێك چاوەڕێی کەسێك بن کە بەدەرزەنێك مۆنیکاو سوپایەك لە پاسەوان بێت و بەبەرچاوی کامێرای تیفیە گرگنەکانیانەوە دیاریەکی پێچراوتان پێشکەش بکەن... ئامان وەرینەگرن. چونکە بەم دیارییە؛ وەك چۆن گەورەکان دەخەڵەتێنن دەیانەوێ ئێوەی تەمەن بچووکی دڵ مەزنیش بخەڵەتێنن و بەیانی کە گەورەبوون لەبری دەمانچەو کلاشینکۆفی پلاستیك چەکی راستەقینە بخەنە دەستتان. تاکو لەدوا رۆژیشدا بیانپارێزن. نەکەن دیاریەکانیان وەرگرن... ئاخر ئەوانە ئێستا باوك و براکانی ئێوەیان لەکونجی زیندانە زۆر شاراوەو نهێنییەکانی ئەم وڵاتە سندم کردووە... ئەوەتا رۆژانە کەرامەتی هەموو تاکی کۆمەڵگا هەتك دەکەن. ئەوانە بلۆکی زل زل و قورس و گران دروست دەکەن تاکو دایك و خوشکەکانی ئێوەی پێ بلۆکباران بکەن...

ئامان گوێ لەو بڵندگۆیانەش مەگرن کە باسی دیمەنە ترسێنەرەکانی دۆزەختان بۆ دەکەن، یان تامەزرۆی حەزێکی سەرشێتان بۆ پەریەکانی بەهەشت لەناختاندا دەچێنن. گوێ لەو حیکایەتانەش مەگرن کە باس لەدێو و درنج و ئەژدیها حەوت سەرەکانی دوێنێ و مەسئوولە ڤایرۆسئاساکانی رۆژگاری ئەمڕۆ دەکات. ئەمانە حیکایەتی بەرئاگردانی داپیرە سێوێ نین، ئەمانە حیکایەتی هەتککردنی ئینسانە ئینسان!!

ئامان...!! توخوا هەرتەنیا خەریکی یاری و گەمە بێکۆتاییەکانی خۆتان بن و بەس، با کەس خەیاڵە رەنگینەکانتان نەژاکێنێ، با کەس فێری خیانەتکردن لەخەیاڵی خۆتانتان نەکات... چونکە هەر ئەوانەبوون کە دوێنێ بەئێمەی منالیان دەگووت:"حیزب دایکی منالێکە کە بێ دایکە، باوکی منالێکە کە بێ باوکە" ئەوا ئەمڕۆش بێشەرمانە بەئێوەی ئازارچەشتوو

دەڵێن:"حکومەت دایکی منداڵێکە کە بێ دایکە، باوکی منداڵێکە کە بێ باوکە" ئەوانە لەمنداڵیدا فێرکراون کە خیانەت لەخەیاڵی منداڵی خۆیان بکەن، کە ئەمڕۆش گەورەو هەراش بوونە ئەوا خیانەت لەئێوەو دایك و باوك و خوشك و برای ئێوەو هەموو خەڵك دەکەن.

**ئیدی ئەی ژێکەڵەکانی وڵاتم؛** با هەر لەئێستاوە پێتان بڵێم: نەکەن باوەڕ بەو باوکە زۆڵە بکەن کە ناوی حکومەتەو هەموو ڕۆژێ درۆبارانتان دەکات، نەکەن باوەڕ بەو دایکە کلۆڵە بکەن کە ناوی پەرلەمانەو هەموو ڕۆژێ بڕیاری کووشتنی حەزەکانی ئێوە دەدات... واچاکە هەرخۆتان و بۆخۆتان لەکۆڵانە پڕ لەخۆڵ و تۆزو قوڕو لیتەکانی خۆتانەوە، لەگەڕەکە ڤیرتاونەکراو و بێئاو و بێکارەباو بێیاریگاو بێدایانگاو بێباخچەکانی خۆتاندا پەرلەمانی منداڵانی کۆڵان، پەرلەمانی منداڵانی گەڕەك هەڵبژێرن. حکومەتی کۆڵان، حکومەتی گەڕەکی خۆتان دابمەزرێنن و سەربەخۆیی خۆتان لەماڵە شەپرێوەکانتان، لەخوێندنگا زیندانئاساکانتان رابگەیەنن...

**دەی منداڵە ئازارچەشتووەکانی وڵات؛** لەنێو خەیاڵە جوانەکانی خۆتاندا بەردی بناخەی وڵاتێکی پڕ لەگەمەی بەرائەت، پڕ لەئامێزی گەرم بۆخۆتان دابنێن، هەرگیز چاوەڕێی کەس نەکەن...هەرگیز...ئیدی هەربژی پەرلەمان و حکومەتی منداڵانی ئازارچەشتووی وڵاتم.....!!